دوو کەس بووین

تۆ لە نێوان من و ئەم شەقامە بێ
عەشقەدا سەفەر دەکەی،
هێشتا مەرگمان نەبینیوە،
هێشتا مەرگمان نەناسیوە،
ژین بۆ تاکسی و
پارە بۆ نان و
ئەوەندەی موسافیر بۆ گەیشتن،
هیچ ڕێگەیەک ئاوەها دوور نەبوو.
☼☼☼
ئێمە لە مێژووی بێسەر و شوێنی باران و
هەناسە ماندووەکانی ژێر بەفر
دەگەڕێینەوە.
تەمای چیم بێ لە چەتر
کەتەنیا جێی تۆ دەبێتەوەو بەس.
ئێمە لە چواررێیانی پێکەوەبوون،
بەیەکەوە پێکەنین،
چی (ئەنفال) و (هەڵەبجە) بوو لە بیرمان
کرد.
سبەی ژیان چی بەسەر ئەم شارە دەهێنێ
(مەرۆ)!
تۆ کە هەزت دەکرد ڕەنگی تاکسیەکان
(سەوز) با و
نارنجی تەنیا لای تۆ (پرتەقاڵ) بوو.
من کچێ دەناسم،
نارنجەکانی سەر سینگی بە مانتۆ
دەشارێتەوە،
تەمای چیم بێ!
کە تەنیا خۆی لە بینینیان تێر دەخوا و
بیر ناکاتەوە ئەم ڕێیە تا کوێی سەفەر
دەڕوات.
نە بە من دەگەڕێتەوەو
نە ئەویش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو
☼☼☼
تۆ وتت هەمیشە دەریا بکە بەرت،
تا بە شینی ئەم عەشقە شاعیر بم.
ئەرێ ئەم شارە لە دووکەڵدا خنکا
یان هەواڵنێرەکان درۆیان کرد؟؟؟؟
☼☼☼
ئێمە هێشتا گەرمای مەرگمان
نەچێشتووە،
{دوو کەس بووین}
لە باوەشی شەقامێکدا فێربووین
بە زووترین کات ژمارە تەلەفۆنەکان
لەبیر بکەین،
تا سبەی لە هەراسی (٥٠٠٠) و (١٨٢٠٠٠)
ژمارە نەترسین.
ئێمە لەگەڵ ڕۆحی خۆمان،
لە ژێر باراندا سەمامان کرد.
تەمای چیم بێ کە چەترێک نەبوو تا
ئێوارە لە ژێریا بحەسێمەوە.

جەمال نەجاری

ئەگەر نکۆڵیم لە کوردبوونم کرد،هەرچی خراپە بڵێن!

ڕۆژین لە هەڤپەیڤێنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی زە تورکیش دەیلی نیوزدا گوتویەتی: 'خەڵک دەیانەوێ من ڕادیکاڵ بم و تەنیا بە یەک زمان گۆرانی بڵێم، بەڵام من دەمەوێ پردێک بم لە نێوان کورد و تورکدا، من زۆر بەختەوەر دەبم ئەگەر ببمە پردی ئاشتی نێوان تورک و وکرد، بەهۆی گۆرانی گوتنم بە تورکی لایەنگرم زۆرتر بوونە، بەڵام ڕۆژنامەکەی ئێوە بەهەڵە نووسی بووی کە لەبەر ئەوەی بە تورکی گۆرانی دەڵێم بوونەتە دوژمنم!! مخابن هەندێک کوردی ڕادیکاڵ دوژمنی منن، ئەوانیش زۆر زۆر کەمن و لە ١% تێپەڕ ناکەن'

ڕۆژین لە درێژەی قسەکانیدا گوتویەتی: 'لایەنگری من لەنێو کوردو تورکدا زۆر بوونە،چونکە لەهەموو تەلەفزیۆنەکانی تورکاندا دەردەکەوم، پاش دوو، سێ هەفتەی دیکە لە بەرنامەی ئیبۆشۆ میواندارم دەکرێ، من خۆم لەو کوردانە بە کوردتر دەزانم کە لەبەر گۆرانی گوتن بە تورکی ڕەخنەم لێدەگرن. ڕاستیەکەی من هونەرو چاندی نەتەوەکەی خۆم خۆش دەوێ، دەمەوێ بە تورک و نەتەوەکانی دیکەی بناسێنم'

ڕۆژین پێیوایە کە گۆرانی گوتن بە زمانی تورکی، ئینگلیزی، فەرەنسی و زمانەکانی دیکە لەبەرژەوەندی دۆزی کورد دایە، بەوهۆیەشەوە هەوڵ دەدات تا بۆی بکرێ بە زمانی بیانی گۆرانی بڵێ.لەم بارەیەوە دەڵێ: 'ما چی تێدایە ئەگەر بە تورکی، ئینگلیزی، فەرەنسی و هەر زمانێکی دیکە بسترم، قەباحەت و کارەسات ئەوەیە کە من بە کوردی گۆرانی نەڵێم، بەڵام من لەسەر گۆرانی گوتن بە کوردی بەردەوام دەبم. ئەگەر منیش وەک هونەرمەندانی کورد لە تورکیا نەمگوت من تورک نیم و کوردم، ئەگەر بە کوردی نەستریم، ئەوکاتە مافی ئەوانە بە خراپە باسی من بکەن، کەچی ئێستا من خزمەتی هونەری کوردی دەکەم'

لەهەمان کاتدا ڕۆژین ڕەخنەی لە دەوڵەتی تورک گرتووە کە داوا لە هونەرمەندا دەکەن بە تورکی بسترن و بە کوردی هیچ نەڵێن.

کۆڤان

عومەر دواین بەرهەمی بڵاودەکاتەوە

ڕۆژی٤ دیسێمبەری ٢٠٠٨، **ئاڵا عومەری** هونەرمەندی دراماو شانۆ، دواین بەرهەمی خۆی لەڕێگەی سەنتەری کیژێ، لە شاری سلێمانیەوە وەک جەژنانە پێشکەش بە ئاشقانی دەنگی خۆی کرد.

بەرهەمەکە لە ٩ تراک پێک هاتووە، گۆرانیەکان بریتین لە (وێرانە، تکا، عەشق و ژان، دایە، سیا بەخت، ئێوارەی پایز، سێبەری عەشق، هەناسەی دووری، نەورۆز)، تێکستەکانی لە بەرهەمی شاعیرانی ناسراو وەرگرتوەو ئاوازی بۆ هەڵبژاردون.

جێگەی ئاماژەیە کە ئاڵا عومەر هونەرمەندێکی ناسراوی کوردستانە، بەڵام ماوەیەک لەکاری هونەری دابڕابوو، ئێستا کە گەڕاوەتەوە، گورۆتینێکی نوێ بە بەرهەمەکانیەوە دیارە، واشچاوەڕوان دەکرێ کە پێشوازییکی گەرمی لێ بکرێ. بەوهۆیەوە ئێمە بە ناوی ستافی هەفتەنامەی ڕۆژی گەلەوە بە گەرمی پیرۆزبایی لێدەکەین.

بەڕێوەبەرێتی سینەمای دهۆک سێ فیلم بەرهەم دێنێ

ڤیان مائی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی سینەمای پارێزگای دهۆک ئاشکرای کردووە کە ئەوان سێ فیلمی کوردی بەرهەم دێنن، و ئێستا کاری وێنەگرتنیان بۆ دەکرێ.

بەڕێوەبەرێتی سینەمای دهۆک پرۆژەی وێنەگرتنی هەر سێ فیلمەکەی لەبەردەست دایە، لە ماوەی داهاتوودا تەواو دەبێ. فیلمی یتکەم بە ناوی **دەرگە**یە، دووەمینیان فیلمێکی دیکۆمێنتیت لەسەر بارزانی مستەفا کە بۆ ماوەی ٥٠ سەرکردایەتی بزاڤی کوردایەتی کردووە. سێیەمینیشیان بە ناوی **'بیرەوەری سەربازێک'**ە کە هونەرمەند مەسعود عارف دەریهێناوە لە کوردستاندا کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجام دەدرێ.

ڤیان مائی سەبارەت بەو فیلمانە دەڵێ: 'هەوڵ دەدەین لەم سەردەمەدا گەنجەکانمان کاری ئەکتەری و دەرهێنان فێر ببن، تا لە داهاتوودا بتوانن بەرهەمی باش بەرهەم بێنن.

جێگەی ئاماژەیە کە ئێستا بەرهەمهێنانی فیلم لە کوردستاندا بەهەرمێنەو ناشووزاندرێ کەی سەرکەوتنی باش مسۆگەر دەکات.

فیلمی 'هەموو دایکانی من'، سویدیەکان بە لێدوان دەهێنێ

پاش ئەوەی بەرپرسانی ئەنستیتووتی فەرهەنگی و زانیاریی ناودێر بە ئاخافتنگەی مێژووی زیندوو لە سوید ((Forum f r levande historia، فیلمی "هەموو دایکانی من"، لە سەر کێشەی ئەنفال و پاکتاوی نەژادیی کوردیان بینی، بڕیاریان دا سیمینارێکی گەورە بە بەشداریی چەندین کەسایەتی سیاسی و پسپۆڕی بواری مافە نێونەتەوەییەکان لە سوید و ئەمریکا لە سەر ئەم بابەتە ئامادە بکەن.

سیمینارەکە لە ژێر سەردێڕی "ستەمی ڕژێمی بەعس دژ بە خەڵکی کورد" لە ئێوارەی ڕۆژی یازدەی دیسێمبەری ٢٠٠٨، لە ستۆکهۆڵم پێکدێ. جێی ئاماژەیە کە سەرەتا بڕیار بوو ئەم کۆڕە لە هۆڵی تایبەتی ناوەندەکە بگیرێ، بەڵام پاش پێشوازی و ناونووسینی زۆر و چاوەڕواننەکراوی خەڵکانی سویدی و کورد بۆ بەشداری، شوێنی سیمینارەکە ئاڵوگۆڕی بە سەر داهات و بۆ هۆڵی هەرە گەورەی بینایABF، گوازرایەوە، بۆبەشداریکردن لەم ڕێورەسمەدا، زەهاوی سنجاوی، دەرهێنەر و عەباس غەزالی، بەرهەمهێنەری فیلمی "هەموو دایکانی من "بە ڕەسمی لە لایەن ئەم ناوەندەوە بانگهێشتنی سوید کراون وجگە لە بەشداری ئەم سمینارە لە ڕێورەسمی تایبەت لەگەڵ چەند کەسایەتیی سویدی و ئەمەریکایی کە لە نێوانیادا وەزیر، نوێنەری پەرلەمان و مامۆستای زانستگە هەن.

بە پێی ڕاگەیەنراوی چاپەمەنیی ناوەندەکە، ڕێورەسمەکە بە پێشکەشکردنی چەند پارچە مووزیک و ئاواز، لە لایەن هونەرمەند و عوودژەن، عەدنان کەریم دەکرێتەوە. دواتر، هێژا "ئێسکیل فرانک"، سەرۆکی ئاخافتنگەی مێژووی زیندوو، لە سەر کۆڕەکە و ئەنفالی کورد لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دەدوێ. لە پاشان گرێگوری ستانتۆن، پرۆفیسۆری مافەکانی نێونەتەوەیی لە زانکۆی مەری واشنگتۆن، لە ڤیرجینیای ئەمەریکا و سەرۆکی ناسراوەی ڕێکخراوی جیهانیی توێژینەوە لە سەر جینۆساید گوتارێک بە زمانی ئینگلیزی لە سەر ڕەوشی کوردەکان لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا پێشکەش دەکات. دواتر ئەنفال و پاکتاوی نەژادیی کوردان، دەبێتە هەوێنی گفتوگۆیەک کە لە لایەن فرێدریک مالم، ئەندامی پەرلەمانی سویدەوە بەڕێوە دەچێ و خاتوو ئامینەی کاکەباوە ئەندامی بە ڕەگەز کوردی پەرلەمانی سوید، هیوگۆ ریکبەری بەرپرسی بەشی عێراقی خاچی سووری سوید، ئینگر ئوێستردال پرۆفیسۆری مافە نێونەتەوەییەکان لە زانکۆی ئوپسالای سوید، زەهاوی سنجاوی دەرهێنەر و عەباس غەزالی بەرهەمهێنەری فیلمەکە تێیدا بەشدار دەبن.

لە دوایین برگە فیلمی بەڵگەنامەیی 'هەموو دایکانی من' کە فیلمسازان زەهاوی سنجاوی و ئیبراهیمی سەعیدی و ئامادەکار عەباس غەزالی، ئامادەیان کردووە، پێشان دەدرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە ئاخافتنگەی مێژووی زیندوو (Forum för levande historia)، دامەزراوەیەکی ناسراوەی حوکوومەتی سویدە، کە هاوینی ساڵی ٢٠٠٣، بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی دیمۆکراسی و پێکەوەهەڵکردن و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ دامەزراوە.

دیسان کەرکوک!

ئەمجارەشیان تیرۆری ڕەش و چڵکن چڕنۆکی خۆی لە جەستەی کەرکوک گیرکرد، ١٦٠ گوڵەمرۆڤی خوێناوی کرد، ئێمەش تەنیا بە پرسەنامەیەکی دووپات بووەوە داخباری خۆمان پێشانداو ڕامانگەیاند کە نەخۆشخانەکانمان باوەشیان گرتۆتەوە، زامدارەکان وەرن و تیمارتان بکەین!!

زامی ئەمجارەی کەرکوک دەچێتە سەر ئەو زامانەی کە هەشتا ساڵە درێژەیان هەیە، شەهیدانی ئەمجارەی کەرکوک تەنیا ژمارەی شەهیدەکانمان زۆرتردەکەن، ڕۆحی شەهیدانی ئەمجارەی کەرکوک تورەو داخبار سەر بەماڵی شەهیدە دێرینەکان و ئەنفالکراوەکاندا دەکەن و پێیاندەڵێن: 'ئێوە لە سەردەمی بەعس و ئێمەش لە دوای بەعس شەهیدکراوین، ئێوە خەونی ڕزگاری و ئێمەش خەونی سەربەخۆییمان لە کیس چوو!'

کەرکوک لەنێو ئەم زامە پڕ سۆیەیدا دەپرسێ: 'ئەگەر هی ئێوەم بۆ وام لێدەکەن؟! ئەگەر دەشتانەوێ بە تیرۆرکردنی گوڵەکانی باخچەم بمترسێنن و ناچارم بکەن کە کڕنۆشتان بۆ ببەم، دەبێ بەخۆتان دابچنەوەو بزانن کە زۆر بەهەڵەداچوون، چونکە هەشتا ساڵە بەرگەی ئازاری بزمارەکانی ناڵی پۆستاڵەکانی سەربازە داگیرکارەکانتانم گرتووە، چل ساڵە خۆڵی ئەوانە دەکەمە کلی چاوان کە ئێوە بە زۆرەکی ڕاتانگوێزان و ئاوارەتان کردن، بیست ساڵە بۆنی ئەنفالکراوەکانم لەخۆم نەتەکاندووە، ئێستاش بە ئێوە دەستەمۆ ناکرێم'

ئێستا کەرکوک لەنێو ئێشەکانی دوایین زامی خۆیدا بانگمان دەکات و پێمان دەڵێ: 'نیو سەدەیە لەسەرناوی منەوە دەجەنگن و لووتکەی شاخان لە باوەش دەگرن، نیو سەدەیە پێتاسەی من دەکەنە کراس و لەبەری دەکەن، نیو سەدەیە بە خوێنی جەستەی منەوە دەست نوێژ هەڵدەگرن، مخابن بۆ ساریژکردنی زامەکانم دەست بە گیرفانی ئاوساوتاندا ناکەن و قورشێک نابەخشن!'

ئێستا بابەگورگور شێواو هەراسانە، کە خوێن چۆڕانی جەستەی کەرکوک دەبینێ، کزو مەلول دادەمینێ، لەخۆی و لە ئێمەو لە دیترانیش بێزار دەبێ و نەفرەتیش لە وێژدانی بەرژەوەندخوازان دەکات، نەوت و خوێن لە بەرانبەر یەکتردا ڕادەگرێ و دەیانکێشێ و پێیانەوە سەرسام دەبێ.

ئێستا بەستی خاسە کە زامە نوێکانی کەرکوک دەبینێ، برینە قەتماغە گرتووەکانی لەبیر دەچێتەوە، دەخرۆشێ و لافاوی دەروونی بەڕێ دەکات و چکبوونی پێ ساریژ دەکات.

ئێستا کە قەلاو تەپەی مەلا عەوڵا لەپرسەی گوڵە سەربڕاوەکانی کەرکوک دادەنیشن، چۆڕ چۆڕ ئارەقەی نیگەرانی دەڕێژن، پرسیاری چارەنووسی خۆیان و بابەگورگور و خاسە دەکەن، ئەوان ناگرین و ئەشک ناڕێژن، چونکە دەمێکە ئەسرینی چاوانیان چکی کردووە، ئەوان هیواو ئومێد لە ناخی خۆیانەوە بەرهەم دەهێنن و بەسەر گوڵە زیندووەکان دا دابەشی دەکەن، ئەوان مێژووی ڕابردوویان بە خوێنی دڵ نووسیوەتەوەو پێشکەش بە خونچە نەپشکوتوەکانیان دەکەن.

گوڵەژاکاوەکانی ئەمجارەی کەرکوک نە هاوار دەکەن و نە چاوەڕێی فریاد ڕەسێک دەکەن، بەڵام بە ڕقەوە لە هەموو ئەوانەوە دەڕوانن کە فرمێسکی تیمساحاویان بۆ هەڵدەڕێژن، نەفرەت لەوانە دەکەن کە خەون بە کوژانەوەی چراکانەوە دەبین، کەچی لەنێو ئەو هەموو ئازارانەشەوە کەرکوک بێئومێد نابێ و بە گەشبینەوە لە داهاتوو دەڕوانێ!

ڕێکار ئەحمەد
rekarahmed@hotmail.com

www.rekar.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com